ئەمسال لە ڕۆژی جیهانی کتێبدا "تۆفیق عەبدول" کە تا ئێستا چەندین کتێب و کورتە چیرۆکی لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگێراوە، لە وەرگێرانی ڕۆمانی "نەونەمامە لەچك سورەکەم" دا خەلاتی باشترین کتێبی وەرگێردراوی وەرگرت.





وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لیژنەی باڵای رۆژی جیهانی کتێب

خەڵاتی (کتێبی ساڵ)ی 2004

بۆ نووسەری بەڕێز / توفیق عەبدول
خەڵاتی (کتێبی ساڵ) لەبواری وەرگێڕدراوی ئەدەبیدا بەخشرا بەبەڕێزتان بۆڕێزگرتن
لەهەوڵ و ماندوو بوونتان لەبەرهەمهێنانی کتێبی ڕۆمانی ئەونەمامە لەچک سوورەکەم

لەگەڵ سوپاس و پیرۆزبایماندا

لیژنەی باڵای رۆژی جیهانی کتێب

## خوێندنەوەیەك بۆ رۆمانەکە لە لایەن: ا. بازگر





# نەونەمامە لەچك سوورەكەم

# قوربانی یان ڕێبەریكردنی شۆڕشی عەشق

ناوی ڕۆمان: نەونەمامە لەچك سووردكەم

نووسەر: جەنگیز ئەیتماتۆف

وەرگێرانی: تۆفیق عەبدول

لەبلاوكراودكانی خانەی چاپ و بلاوكردنەودی قانع ٢٠٠٤

خوێندنەوەی: ا. یازگر




(جەنگیز ئەیتماتۆف) دەڵی: گێرانەوەیەكە لەپاش ئەوەی سەفەرێك بۆ لادێ دوورەدەستەكان دەیخولقێنێت، دایدەرێژمەوە. نووسەر لەسەرەتادا كە ناوی ناوە(لەجیاتی پێشەكی) كورتكراوەی ڕۆمانەكە بەم قەدەرە دەستپێدەكات كە لەگەڵ كابرایەكی شۆفێری لۆری دیالۆگێك پێكدەهێنن بەمشێوەیە كە دەپرسێ: (ئەو جارە بۆ هەڵتەدەگرم؟

-چونكە كورەكەم چاودێری دەكات...

ڕۆمانەكە لەو ڕێگایە دەستپێدەكات كە ئەلیاس ڕۆژانە باری پێدا دەبات بۆ گوندەكان و تا ڕۆژێك كچێك لەگەڵیدا سەردەكەوێت و دەڵی: من ناوم (ئەلیاس)ـە كچەكەش دەڵی: من (ئاسیل)م، هەمیشە كلتووری داب و نەریتەكانی لادێ زۆر جیاوازترن لەكلتووری شارەكان و ئەم حاڵەتەش پێدەچێت لەزۆربەی دونیا بەتایبەتی ئەو وڵاتانی دواكەوتوودا زۆر وێك بچێت، بۆیە لەوەی ئەلاپەڕە (٢٥)دا دایكەكەی ...

لەیەكەم نیگاوە (ئاسیل) عاشق و بەگشتی ڕ ئەناو ئەم ڕۆمانەدا لای

درۆ لەلایەن ئەلیاسەوە دەكرێت و دەڵی: (هەرگیز ڕێگا نادەم هیچ كەسێك دڵتەنگت بكات..ل٤٦) كەچی خودی ئەلیاس سەبەبی ئەوەیە كە بۆ هەمیشە لەژیانیدا ئاسیل هەر دڵتەنگ بێت و شومترین قەدەر چاودێری بكات. پاش ڕفاندنی ئاسیل، یەكەم زەماوەندی نێوانیان هەر لەنوسینگەكە سازكرد و هەر لەوێدا (جانتای) هاوڕی بۆ تووڕەكردنی (كادیچا) بەئەلیاس دەڵی" (ئای كەزۆلیت، ئەمە ڕفاندوتە؟!!) لەلاپەڕە(٢٥)دا ئەلیاس دەڵی" (هەمیشە ئاسیل چاودێرم بوو تا ئەوزیشتمایەوە خەوی لێ نەدەكەوت، بەڵام دواتر دەركەوت سكی هەیە، تا كوڕێكمان بوو دواتر كورەكەمان ناونا(سامات...) ژن و مێردێكی بەختیاربووین.... بەڵام تازە سودی چییە، فریشتەیەك بەرێكەوت لەرێگا ناسیم، لێی جیابومەوە...!!) یەكەم دووركەوتنەوەی خۆی، كادیچە...

ماڵەوەو ساماتی لەبیرچوتەوە. هەرگیز ئەو بەڵێنەی كە بەئاسیلی دابوو نەیبردە سەر. یەكەم خیانەت لەپیاوێكی سپلەوە بوو، ئەحلام مستخامی دەڵی" (برسیێتی سۆز، هەستێكی هێندە سامناك و بەسۆیە تا بەشێوەیەك لەشێوەكان لەناوت دەبات و بەردەوام لەناخیشەوە داتدەوەشێنێت..) ئەلیاس و خیانەتەكانی ئەوەندە پەرەی گرتبوو كەشەوانە ئیدی دەچووەوە ماڵی كادیچا وەكو ئەلیاس خۆی دەڵی" (لەتەكیا هەستم بەئارامی دەكرد...را تێنەگەیشتم كەتەنها كادیچا خۆشی ئەوێمو لێم تێ ئەگات، هەوڵم ئەدا خێرا لەماڵ دەربازم... ئەی ئاسیل؟!) ئاخ دەستی شكاوم ئەمزانی بەو ڕوح سوكی و دەروون پاكییە لەماڵەكە دەرم ئەكات. ئەم ئەتوانی خۆم بخەڵتێنم، ئەمزانی من شایانی ئەونیم، هەرچی لەگەڵدا كردووم بەزایەچوو، یەكجار سەرزەنشتی ئەكردم. ئایە لاواز بووم، بەزیی پیامی ئەهاتەوە. یەن بەپێچەوانەوە بەمەبەستی دەستلێبەرنەدان و بڕوای بەمرۆڤ بوو؟ بەڵا، بێگومانم چاودێری ئەوەبوو بەخۆمدا بچمەوە وبێمەوە سەر ڕێی ڕاست.. وەك جاران چۆن بووم، بەڵام باشتر وابوو، لێم بێزار بووایە و سەرزەنشتی بكردمایە بۆ ئەوەی ناچارم بكات و ڕاستی و

ماڵی دایكی؟ ئایە دێتەوە ماڵەكەی خۆی كەهیچ ماڵیەكی ژیانو عەشق و جوانی بۆ ئەو تێدانەماوە. ئاسیل هێشتا مرۆڤێكی سەركەش و یاخیو بوێرە. ئەو لەترسا ڕای ئەكرد ئەوە هێشتا بەدوای عەشقێكی حەقیقیدا وێڵە، چونكە یەكەم هەنگاریشی، قوربانیدان بوو لەپێناو عەشقدا. ئەو هێشتا بڕوای بەوە هێناوە، كەمەرج نییە یەكەم هەنگاو زیندوبێ، بەڵام دەبێ هەمیشە بەدوای عشق وسەركەوتندا وێڵ بێت، بۆیە هەرگیز ئاسیل نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ زیندانێك كەباوك و دایكی دروستیانكردووە، ئەو دەیەوێت ئازاد و ڕەهابێت بۆ گەڕان بەدوای عەشقی حەقیقیدا. كەئیلهامی ژیانی ئەوە ئەلیاس دواتر لەكادیچاش جیابوەوە. "ل١٠٧دا (ئەلیاس لەخوشكەكەی ئاسیل دەپرسی" ئاسیل لەكوێیە؟

-ساڵی جارێك لەگەڵ مێردەكەیدا دێتەوە، دایە ئەوەندەی خۆشدەوێ. ئەڵێت پیاوی چاكە..!!) دەبی ئەوە بڵێم نووسەر ڕۆمانەكەی واچیوە، خوێنەر ناتوانی بەدوای ئەنجامەكەیدا وێڵ نەبێت. قەدەر وا دەكات. ئەلیاس لەیەكێك لەرێگا دوورە دەستەكان لێی بقەومێت و بچێتە ماڵی ئاسیل و مێردەكەی بناسێت و سامەت ببینێتەوە. دەبی مرۆڤ لەشەرمەزاری زیاتر هەست بەچی بكات. كاتێك دەگەڕێتەوە